# یادی کۆماری کوردوستان پیرۆز بێت



کۆماری کوردستان لە مهاباد، چرایەکی گەشی نەتەوەیی بوو کە لە نێوان سالآنی(1945/1946) تیشکی دایەوە و بە سازدان و بنیادنانی کوردستانیکی ئازاد و سەربەخۆ، ئاواتی لە مێژینەی ناسیونالیزمی کوردی پراکتیزە کرد.

چۆنیەتی و پێکهاتنی کۆمار و مێژووی کورت و پڕ لە ڕووداوی، ڕەنگدانەوەیەکی خەستی خستە سەر رووداوەکانی دواڕۆژی کورد ، هەروەها تێکچوونی لە پڕیشی وەک تراژیدیایەکی مێژوویی بە یادگار بۆ کورد مایەوە .

لە ورد بونەوەی مێژووی نەتەوەی کورد و دراوسێکانی ئەو دیاردەیە وەبەر چاو دەکەوێت کە هەر یەک لە نەتەوەکانی دراوسێی کورد لە قۆناخێکی تایبەت دا دەولەتی خۆیان دامەزراندووە و تەنانەت لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمیش دا هەر یەکەیان دەولەتی نەتەوەیی هەبووە و وەک ئالترناتیڤێکی بە هێزی دەولەتی ، دەسەلآتی خۆیان بە سەر گەلی کورد دا سەپاندووە .

هەر چەند کە لە درێژایی مێژووی خەباتی گەلی کورد بۆ وەرگرتنەوەی مافی پێشێلکراو ، هەمو چەشنە خۆبەختکردن و فیداکارییەک لە لایەن ڕۆلەکانی کوردەوە نیشان دراوە ، بەلآم ئامانج و ئاکامی هەموو تەڤگەر و تێکۆشینەکان، تراژیدیای قەلآچۆیی و کاولکاریی و تێداچونیان بەرهەم داوە . دیارە ئەم دیاردە خەمبارانە بێ هۆ نین و هۆی جۆراوجۆریان هەیە ، کە بە بڕوای من هۆی سەرەکی ئەو دیاردانە دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی بیری نەتەوەیی و لە ئاکام دا کز بوونی باوەڕ بە خۆ بوونە . شایانی باسە بگوترێت کە ئەم نە خۆشیانە بۆتە هۆی لەت و پەت بوونی شۆڕشی نەتەوەیی کورد و پێکهاتنی شۆڕشی لوکالێی جیا لە یەکتر، شۆڕشە لوکالێ و جیا لە یەکترەکانیش بە هۆی نەبوونی سەرچاوەیەکی بڕیودەری جێگە باوەر ، بە دایم کەوتونەتە ژێر چاوەدێری و خۆش خزمەتی دوژمنان و پاش ماوەیەک هەراکەیان بە دەستی دوژمن خەواندراوەتەوە .

کۆماری دێمۆکڕاتی کوردوستان ، ئاڵاهەڵگری سەربەخۆیی و بیری نەتەوەیی ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورد دا ئاڵای سەربەخۆیی نەتەوەی کوردی لە مهاباد هەڵکرد و ناوی گەلی کوردی لە لاپەڕەی مێژوو چەسپاند . ئەگەر چی دوای تێکشکانی کۆمار ، ڕۆڵەکانی گەل ویستیان نەهێڵن ئاڵای کۆمار داکەوێت و ڕێگەی کۆمار کوێر بێتەوە ، بەڵام دیسان بە هەمان هۆی کە باسمان کرد ، بەشێک لە بزووتنەوەی خۆش خزمەتی دەستەمۆی خۆماڵی ، وەک ئاستەنگێکی پێشگری پێشکەوتنخوازی سەر ڕێگای تێکۆشانیان گرت و یەکەمین چەخماخەی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لە تاریکی ژێر باڵی خۆیاندا خنکاند .

لە سەردەمی نوێدا ، پیڕەو و پڕۆگرامی سیاسی ڕێکخراوەیەک کە خۆی بە میراتگرانی کۆماری کوردوستان دەزانێت ، دیسانەکە داوێنی خواست و ویستی نەتەوەی کوردی هەتا چوارچێوەی بەر تەسکی داوێنی خەباتنبەرەو خوار دابەزاند . بەم هەڵویستە ، میراتگرانی کۆماری کوردوستان ، بە کردەوە سەلماندیان و نیشانیان دا کە دەتوانن تەنانەت لە بری وەدەست هێنانی مافی ئازادبوونی ناوی ڕێکخراوەکەیان ، واز لە گەلێک هیوای بەرز بهێنن .

لە کۆتایی دوایی قسەمدا دەمەوێ بڵێم کە لە عەینی حاڵدا کە گرنگی مێژوویی کۆماری کوردوستان حاشا هەڵنەگر ماوەتەوە و تەنانەت دوژمنیش هەتا ئێستا بۆی نەکراوە ناوی کۆمار لە مێژووی کورد بسڕێتەوە ، لە هەمان کاتدا هێزە سیاسیە یەکان خەریکن لە مێژوو دوور دەکەونەوە و دەگەڵ پاشەکشەی خۆیان ، بە نیازن خەڵکانیش بەرەو پاشەکشەیەکی داسەپاو هان بدەن . بەڵام شان بە شانی ئەم هەوڵ و هەڵویستانەش ، هەر لە هەمان دەمدا خەلکانی کوردوستان ، زاناتر و وریاتر لە دوێنی ، لە فەلسەفەیەکی پتەوی نەتەوەیی دا خەریکن شکڵ دەگرن و لە ڕێکخراوە سیاسیە دوور خراوەکانیان دوور دەکەونەوە . ئیتر دوێنێ بە سەر چووە ، کورد دەگەڵ دنیای سەردەم هەنگاو دەنێت و ئاشکرایە بە بیری کۆن و پاسیویتە گەل ڕزگار ناکرێت .

سیامەند موعینی

20110107